لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەت لە دوای شەپۆلی "چەکی سەوز" تا دێت ژمارەی ژینگەپارێزان زیاتر دەبێت. بەڵام بەداخەوە هاوکات لە لایەکی ترەوە دیاردەی توندوتیژی، ڕاو و بێرەحمی لەگەڵ ئاژەڵان، لە لایەن هەندێ کەس و تەنانەت شارەدارییەکانیش هەر بەردەوامە و بە بڵاوبوونەوەی وێنەکانیان هەستی کۆمەڵگەبریندار دەکەن.

بەختەوەرانە زۆرینەی خەڵک بێزاریی خۆیان لە دیتنی وێنەی توندوتیژی لەگەڵ ئاژەڵان دەردەبڕن و ڕاوچییەکانیش چیتر ناتوانن وەک پاڵەوان خۆیان بنوێنن و بەدزییەوە دەچن بۆ ڕاو و ئەم کارە لە چاوی خەڵکییەوە وەک شتێکی نەرینی و عەیبە سەیر دەکرێت. لە ڕاستیدا کاریگەریی خەڵک و دەوڵەت، هەرکامەیان بەنسبەتی ئەم بارودۆخەوە لە چ ئاستێکدایە؟ ئەوە پێکهاتەی دەسەڵاتە تاکی نابەرپرسیار بەرهەم دەهێنێت؟ یان کۆی تاکەکانە کە پێکهاتەیەکی تایبەت لە دەسەڵات بەرهەم دەهێنن؟ ڕەنگە ئەمە حەکایەتی هێلکە و مریشک بێت! ڕاستە هەموومان بەرپرسیارین؛ بەڵام دەسەڵات بەهۆی بوونی پارە، پێداویستی، میدیا و تریبوونی جۆراوجۆر بۆ فێرکاری و جێ¬خستنی کولتووری ئاژەڵدۆستی بەرپرسیارترە. بەڵام مەخابن دەسەڵات لەم بوارەدا نەک ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە بەڵکوو لەمپەریشە لەبەردەم پەرەسەندنی کولتووری ئاژەڵدۆستی لەئێراندا؛ لە کاتێکدا کەڕاوچییەکان چەکەکانیان دەشکێنن، دەوڵەت لە باتیی پاڵپشتیی پەرەپێدانی ئەم ڕەوتە، ساڵانە بە هەزاران فیشەک دەفڕۆشنە ڕاوچییەکان و جەوازی زۆرێک تاپڕی ڕەمەکی دەردەکەن. ئەمە بە واتای گاڵتەکردنە بە هەست و شوعوری لایەنگرانی ژینگە و نەوەکانی داهاتوو. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بە چەن خاڵێک بدەم:

١- هەندێ کەس لەو باوەڕەدان لە کاتێکدا کە مرۆڤەکان دەبنە قوربانی، ژن و منداڵ بێبەزەییانە دەکوژرێن، باس کردن لە مافی ئاژەڵ و کیسەڵ و درەخت و گیا بێواتایە! ئەم جۆرە کەسانە دەبێ بزانن کە پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ سروشت هەر جۆرێک بێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پێوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر. هەروەها چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاژەڵان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، یەکێک لە فاکتەکانی نیشاندەری ئاستی پێشکەوتنی کولتووریی ئەو کۆمەڵگایەیە.

٢- یەک لە کێشە سەرەکییەکان لەم بوارەدا ئەوەیە کە پەروەردە کردنی منداڵ لە وڵاتی ئێمە سەقەتە؛ لە بنەماڵەکان، مەدرەسە و میدیاکان بە جۆرێک کە تاکڕەهەندانە وێنای مرۆڤ دەکرێت؛ گرنگی بە پێداویستییە مادی و جەستەییەکان دەدرێت، بەڵام ئەوەی لە بیر کراوە ڕەهەندە ڕۆحی، مەعنەوی و دەروونییەکانە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژینگەپارێزی پاکترین خۆراکە بۆ ڕۆحی مرۆڤ.

٣- مرۆڤ بوون بە بەرپرسیاریەتی دەسەلمێت، نەک بە قسە و ڕواڵەت. هەرکەس وتی ((بە من چی!)) وەک ئەوەیە بڵێ: من مرۆڤ نیم. مرۆڤ بە بێ بەرپرسیاریەتی هیچ واتایەکی نامێنێت و لەگەڵ ئاژەڵ هیچ جیاوازییەکی نییە. مەبەستم لە بەرپرسیاریەتی، بەرپرسیاریەتییە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ؛ ئەگەرنا ئاژەڵان هەموویان لەبەرژەوەندیی خۆیان وبنەماڵەکانیان کار دەکەن و تەنانەت بڕێک ئاژەڵ وەک مێلوورە، هەنگ و... ڕچاوی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.

٤- دەوڵەت دەبێت بەرپرسیار بێت لە ئاستی پرسی ژینگە و دەبێت بزانێت ئاسایشی داهاتووی وڵات، گرێدراوی ئاستی کولتووری ژینگەپارێزانەیە لە کۆمەڵگەوە هەروەها دەسەڵات هاوکات لەگەڵ دابین کردنی هەلی فێرکاری بۆ NGOکان لە هەموو توانای خۆی کەڵک وەربگرێت بۆ فەرهەنگسازی لەم بوارەدا. هەروەها، بوونی یاسای کاریگەر و سزادانی ئەوانەی ملکەچی فێرکارییەکان نابن.

٥-خەڵک پێویستە بزانن گەشە کردنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگە بێت؛ هیچ پلانێک بە بێ ویستی خەڵک سەرناکەوێت و لە کۆتاییدا ئەوانن بڕیاردەرن.

ئێمە جگە لە فێرکاری، فەرهەنگسازی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریمان، ڕێگایەکی دیکەمان نییە بۆ دەربازبوون لە قەیرانە ژینگەییە دەسکردەکانی خۆمان؛ ئەو قەیرانانەی بەرهەمی تێنەگەیشتن یان تێگەیشتنی سەقەتی ئێمەیە لە ژینگە، ژیان و خۆمان وەک مرۆڤ.هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین: "من ژینگە پارێزم، من مرۆڤم".

بونیادنانی کەسایەتیی منداڵ

■ خەلیل خاوەریان

پێکهاتەی کەسایەتیی مرۆڤ هەر وەک بناغە و کۆڵەکەی باڵاخانەیەک وایە کە بیناکەی ڕاگرتووە و ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا بەرێوە دەبات. کەسایەتیی منداڵ لە ژێر تیشکی هەڵسوکەوتی دایک و باوک و هەموو ئەو پرسیارانەی بە مێشکی منداڵا دێت و هەموو ئەو ئاکارانە گەشە دەکات کە لە دەوروبەریدا دەبینێت و پێوەندی بەوەوە هەیە و لە هەمان حەوت ساڵی سەرەتایی ژیانیدا کەسایەتیی مرۆڤ چوارچێوە دەگرێت و تایبەتمەندی، وەکوو بوێری، لێبوردن، کۆمەڵایەتی بوون و باوەڕ بە ژیان کردن لە کەسایەتیی منداڵدا بناغەی خۆی بە هێز دەکات.

ئەگەر بمانەوێت پێکهاتەی کەسایەتیی مرۆڤ هەر لە تەمەنی منداڵیدا کە دەس پێ دەکات و بەبێ زەخت و گوشار بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پتەو و لە سەر بنەمای هەڵسوکەوتی باش فورم بگرێت، هەر لە تەمەنی پێنج، شەش ساڵییاندا دەبێ لە قاڵبی شێعر و چیرۆک و یاری و... تایبەتی منداڵان، ئێمە یارمەتی دەر بین؛ و هزری منداڵ بگونجێن بەو ئاکارە باشانەی کە پێویستن بۆ پەروەردەی منداڵ.

یەکێک لە باشترین ڕێگاچارەکان کە کاریگەری هەیە لە سەر بەهێز کردن و دەوام کردنی هەمیشەیی پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ، پەروەرە کردنی ڕێکوپێکی منداڵە لە سەر ئیش و ئەرکەکانی و لە ژێر تیشکی ئەم ڕێکوپێک بوونەوەیە کە مرۆڤ فێر دەبێ سنوور و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بدۆزێتەوە و باش بتوانێ ڕێز بۆ ژیان و دەوروبەری خۆی دابنێ و توانایی و بوێری خوی لە سەرکەوتن و قسە کردن و هەڵسوکەوت و خواردنیدا گەشە پێ بدات.

هەر لێرەوەش فێر دەبێ کە چۆن بەباشی لەو شتانە کەڵکی دروست وەربگرێ کە بۆی دابین کراوە. هەر منداڵێک بتوانێ زۆر ڕەفتاری باش وەک دەست پێوە گرتنی ئاو، پاکوخاوێن هێشتنەوەی جلوبەرگ و ژینگەی خۆی و کوژانەوەی لامپ و سەرجەم ئەو کەرەستانەی کە بە کارەبا کار دەکەن و بەزیادە کەڵکی ناپێویستیان لێ دەگرین، وەک فەرهەنگێک لە ناوڕەفتارەکانیدا بگونجێنێت، گەورەیش بوو بۆ زۆر بەرپرسیاریەتیی دیکە، ئامادەیی هەمیشەیی دەبێت و زۆر بەدەگمەن کەموکورتی لە کەسایەتیدا بەدی دەکرێت.

منداڵان بە هۆی ئەوەی کە یاری کردن زۆرترین بەشی ژیانی ئەوان لە خۆ دەگرێت و پێویستییەکی بنەڕەتیی ژیانیانە، باشترین ڕێگایشە بۆ بونیادنانی کەسایەتیی درووستی ئەوان؛ زۆربەی بیرۆکەکانی پەروەردەیی منداڵان ئەتوانین لە کاتی یاری و کایەکردن پێیان نیشان بدەین و باشترین ڕێگایە کە منداڵ بە شێوەیەکی ئەرێنی ئەو پەروەردانە وەربگرێ. لە ڕێگای یاری کردنەوە ئەتوانین هەست و سۆزی درووندی و ئاستی هۆشیاریی ئەوان بناسین؛ بۆیە هەم مامۆستا و هەم دایک و باوک دەبێت بایەخی زۆر بە یاریی تایبەت بە منداڵان بدەن و پێویستە ئەوە بزانین کە بەشداری کردن لە یاریی منداڵانمان ئەتوانێ ببێتە هۆی متمانە لە پێوەندی نێوانمان و لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوە دەرخسێنێ کە ئێمە بتوانین پێویستییە پەروەردەییەکانمان بەوان نیشان بدەین.

باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی باش لە منداڵاندا نیشان بدەین ئەوەیە بەر لە هەموو کەسێکی دیکە خۆمان ببین بە نموونە و سەرچەشن بۆیان و لە خۆمانەوە هەوڵ بدەین بۆ ئەنجام دانی هەر کارێکی باش.

منداڵانی ژێر تەمەن شەش ساڵ زۆر چاوەڕوانییان لە دایک و باوکیان هەیە کە بایەخیان پێ بدەن و زۆرێک لەو ڕەفتارانەی منداڵان لەوتەمەنەدا، نیشاندانی بێرەوشتیی ئەوان نییە؛ بەڵکوو هۆکاری سەرەتایی چوارچێوە گرتنی کەسایەتیی ئەوانە. زۆربەی منداڵان بۆ ئەوەی سەرنجی دایک و باوکیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بەردەوام یاسا تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان لە بەرچاو دەگرن.

کەشوهەوای یەکسانی نێوان خێزانەکە ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە لە چوارچێوە گرتنی کەسایەتیی منداڵدا. لە بەرچاو گرتنی یەکسانی و بە هەند وەرگرتنی ئاسایش و کەشێکی ئارام بۆ هەموو ئەندامانی خێزان، باشترین چوارچێوەی بونیادنانی کەسایەتیی منداڵە، هەم بۆ ژیانی تاکەکەسی و هەم بۆ ژیانی جڤاکیی منداڵ. پێویستە منداڵان لەگەڵ دایک و باوک بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بن و هەر لە تەمەنی منداڵیدا لەگەڵ ئەو چالاکییانە ئاشنا بن، تا لە گەورەییشدا هەستی بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە کۆمەڵگا و ژینگە، وەک ئەرکێک لە کەسایەتییاندا بەهێز بێت.

بوی عیدی

■ افشین جنتی
کارشناس آموزش محیط زیست

دیگر پرستوهای شاد و چلچله‌ها، خبر نوروز و آمدن بهار را نمی‌دهند. دیگر برای میر نوروزی، شوق‌وذوق و طاقت و حوصله‌ای باقی نمانده است تا چند روزی درابتدای سال حکمرانی کند. حالا دیگرسال‌هاست که نوروزها بوی عیدی نمی‌دهند، نوروزها بوی توپ و کاغذ رنگی نمی‌دهد، دیگر در نوروز صدای شکستن قلک پول نمی‌آید. بوته‌های خار، ماتاو، کوزی لب بام و... برای آتش نوروز به دست فراموشی سپرده‌شده‌اند. دیگرکسی دزدکی سرک به پستو نمی‌کشد و با ترس‌ولرز و دلهره به شیرینی ناخنک نمی‌زند. دیگراثری ازشوق‌وذوق بچه‌ها برای مهمانی رفتن و عید دیدنی باقی نمانده است. دیگرکسی تخم‌مرغ‌ها رارنگ نمی‌کندوخبری ازهیلکه‌شکاندن (شکستن تخم‌مرغ) نمی‌گیرد. دیگر دانش آموزان بر روی تخته‌سیاه نمی‌نویسند، ۱۸۰ روز مانده به عید. دیگرترس مشق‌های نوشته‌نشده‌ی نوروزی معنایی ندارد. دیگرعمو نوروز نمی‌آید. (عمو نوروزم، سالی یه روزم) دیگرکسی ازحاجی فیروزسراغی نمی‌گیرد.(ارباب خودم سلام‌علیکم، ارباب خودم بزبز قندی، ارباب خودم‌چرانمی‌خندی؟)وچه‌ناجوانمردانه‌بساطشان برچیده‌شد. دیگرکسی سفره‌ی هفت‌سین طبیعی و ساده رادوست ندارد. دیگرکسی اسکناس نووتانشده را لای کتاب نمی‌گذارد. پای سمندر، لاک‌پشت، سنجاب، مار آبی، ایگوانا، فایتر، سفره‌ماهی، بچه تمساح و... هم به سفره‌های هفت‌سین بازشده‌اند و ماهی‌های قرمزکوچک داخل تنگ آب را ازتنهایی درآورده‌اند. با این اوصاف یحتمل در سال‌های پیش رو، در کنار سفره‌ی هفت‌سین، سفره‌ی هفت جیم (هفت جانوران) نیزپهن خواهد شد و دیری نخواهد پائید که ازباغ‌وحش‌های خانگی نیزرونمایی خواهد شد. با توجه به‌وفورژن حیوان‌دوستی در میان مردم عزیزمان و به‌منظور حل معضل سگ و گربه‌های ولگرد کوچه و خیابان شهرها، پیشنهاد می‌شود که خانواده‌های ارجمند و دوستدار جانوران، حضانت و سرپرستی یک قلاده سگ و یک گربه را قبول نمایند که مسلما خالی ازاجروثواب نخواهد بود.

چهارشنبه‌سوری هم دیگر طعم و بوی چهارشنبه‌سوری‌های قدیم راندارد. کسی دیگرازروی آتش نمی‌پرد. کسی دیگر نمی‌خواند (زردی من از تو، سرخی تو از من) سروصدای شب چهارشنبه‌سوری و ایام نوروز، یادآور میدان جنگ است. صدایی گر شنیدی، صحبت ترقه و نارنجک دستی و دینامیت کپسولی است. بویی اگر به مشامت رسید، بوی دود لاستیک، باروت، زرنیخ، پوست و گوشت سوخته است. بیمارستان‌ها و نیروی انتظامی آماده‌باش هستند وبازارآتش‌نشانی واورژانس گرم است. فضای مجازی همچون ماهی بیرون افتاده ازآب، برای این سوژه‌ی جذاب و معرکه‌له‌له می‌زند.

خیلی‌ها هرروزشان نوروز است و البته خیلی‌ها هم نوروزشان مانند دیگر روزهایشان بی‌روزی است. می‌گویند عید روزی است که در آن گناه و معصیتی روی ندهد، روزی است که زحمت و کار و تلاش یک سال کشاورز و کارگر، شام یک‌شب پادشاه نباشد، روزی است که سفره‌ی هیچ‌کس خالی از نان نباشد، روزی است که پدر شرمنده‌ی زن و فرزندانش نباشد، روزی است که مادر لقمه از دهان خود نگیرد تا دردهان بچه‌اش بگذارد، روزی است که بچه‌های کار، حسرت دست نوازش پدر و مادر، مدرسه رفتن و درس خواندن، تفریح و سفر و شب با خیال راحت خوابیدن رانخورند. عیدروزی است که کارتن‌خواب‌ها وگورخواب‌ها، لباسی برای پوشیدن، غذایی گرم برای خوردن وجایی برای خوابیدن داشته باشد. عیدروزی است که خشونت و جنگ به زباله‌دان تاریخ پیوسته باشد. می‌گویند عید روزی است که آوارگان جنگ و خشونت سرپناهی داشته باشند، در کوهستان‌ها و بیابان‌ها، تشنه و گرسنه ویلان و سرگردان نشده و در دریاها غرق نشوند، روزی است که بساط رانت‌خواری و اختلاس برچیده شده باشد. عید روزی است که تاوان حفاظت از عرصه‌های طبیعی و حیات‌وحش، جان محیط‌بانان نباشد. می‌گویند عید روزی است که تاوان کارگران برای گرفتن حق‌وحقوقشان، شلاق و تازیانه نباشد. عیدروزی است که پشت و کمرکولبران در زیر بارهای چندین برابری وزنشان خم نشود و در زیر خروارها برف دفن نشوند. می‌گویند عید روزی است که خودکشی‌ها، خودسوزی‌ها، تن‌فروشی‌ها به سبب فقر و نداری و فرار دختران و پسران از خانه به افسانه تبدیل‌شده باشد. عید روزی است که اعتیاد خانمان‌سوز بار سفر بسته و رخت بربندد. روزی است که در آن عصا از کور دزدیده نشود. می‌گویند عید روزی است که در آن حرص خواهر و طمع برادر نباشد. می‌گویند عید روزی است که در آن پول حرف اول وآخر را نزند. می‌گویند عید روزی است که بیماران خاص و صعب‌العلاج، آرامش داشته باشند و نگران خرج و مخارج بیماری‌شان نباشند. می‌گویند عید روزی است که پدران و مادران به سرای سالمندان سپرده نشوند. روزی است که آدمیان به‌دورازتعصبات خشک‌ومتحجرانه‌ی دینی، مذهبی، قومی، قبیله‌ای و نژادی، یکدیگر و سایر جانداران را دوست داشته باشند؛ ومی‌گویند ومی‌گویند ومی‌گویند...

آری دراین دنیای وانفسای بی‌رحم مادی و تجملاتی که در آن خشونت و جنگ و تبعیض، نعره می‌زند، فاصله‌ی طبقاتی بیداد می‌کند، شعر و شعور و شرم به حاشیه رانده‌شده و شعار و شر و شرارت و هتاکی و لمپنیسم حاکم است. آری دردنیایی که زروزورو تزویر کرسی نشین است، وقتی ملاک سنجش انسانیت و آدمیت انسان‌ها، سکه و طلا و پول و عمل زیبایی و ماشین شاسی‌بلند و باغ و ویلا و... است، آیا عید و نوروزمی‌تواند معنا ومفهومی داشته باشد؟ فلسفه‌ی وجودی نوروز که باآمدن بهار ونوشدن طبیعت همراه است، چیزی نیست جزاینکه ما انسان‌ها نیز افکار و اندیشه واحوالمان راتازه ونو کنیم.

اگر روزی توانستیم بی‌تفاوتی را دریبل کرده، مسئولیت‌پذیری فردی واجتماعی خود را بالا ببریم، آستانه‌ی تحمل خود را ارتقاء دهیم، با همه‌کس و همه‌چیز مهربان باشیم. اگر روزی توانستیم تقلید کورکورانه، تعصب خشک و بدون تفکر، تحجرچشم و گوش بسته و تنگ‌نظری را کنار بگذاریم و به این باور رسیدیم که‌نانش‌ده، ایمانش‌مپرس، آبش‌ده، دینش مپرس. جایش ده، قومیت، ملیت و نژادش مپرس. اگرروزی توانستیم آنچه رابرای خودمی‌خواهیم، برای دیگران نیزبخواهیم. اگربه این اعتقادرسیدیم که‌پول رانمی‌توان خورد، پول رانمی‌توان نفس کشید و پول رانمی‌توان زندگی کرد. شاید و شاید بتوان آن روزراعید نامید وآن راجشن گرفت.

به امید فردایی بهتر، روشن‌تر و انسانی‌تر و به‌دوراز دشمنی و نفرت و کینه و سرشار از مهربانی و عاطفه برای زیستمندان کره‌ی خاکی.

هەر لەئێستاوەهەتاکونەورۆز
بەقەدەقەندیل وشاهۆونەکەرۆز
بەشادمانی هەموو گەل وهۆز

تاران، تاران...

■ ئارام فەتحی

لە ئوتووبووسام. کۆمەڵێک مرۆڤین ڕەنج کێش کردووینەتەوە؛ کۆمەڵێک ئازارین. سەندەلییەکانمان چ جیاوازییەکی نییە. هەموومان شێوەی نیشتمانێک ئەدەین بێبەش لە یاسایەکی دادپەروەرانە و ژیانێکی کۆمەڵایەتیی عادڵانە. کۆمەڵێک ئازار بەڕوومەتی هەرکامەمانەوە. ماشینەکە پڕ نییە. هەمووی ناگەینە بیست کەس. منێک بە تاوانی شکاندنی سنوور ئەبێ خۆم بگەیەنمە دادگای شارێکی مەرکەز بە ناوی تاران. تاران...تاران...تاران. منێکی تر بۆ پێداویستیی پزشکی، ئەوی دیکەم بۆ برینی چاوە کوێربووەکانی و منێکی دیکەم بۆ ڕۆیشتنە سەر پۆستی سەربازیی تاران... . تاران و ئەم منانەی ئێرە کۆتاییان نایەت. مێژووم بەردەوام بە دەوری تاراندا خول دەخواتەوە. برینەکانم خۆیان لەم مەرکەزە چ شیرین دیارن! چ شیرین بە زمانی کوردی و فارسی قسە دەکەن. برینەکانم بە زمانەکەی ئەوان پڕ لە لەهجەیە و ڕێک نایەنە گۆ.

"تاران" ئەو ناوەی هەر لە منداڵییەوە وێنەیەکی زەبەلاح بوو لە زەینما. وێنەی بینایەک بە ناوی "ئازادی". کە منداڵ بووم و کەسوکارم کە بۆ کرێکاری لە تاران ئیشیان دەکرد و دواتر بە وێنەیەکەوە دەگەڕانەوە، وێنەیەک لە تەنیشت بورجێکدا کە ناوی ئازادی بوو؛ ئەوە وێنەی هەموو کرێکارەکانی ئەو سەردەمە بوو.

دواتر تاران بۆ من بوو بە جادەیەکی درێژ. تاران بۆ من بوو بە هاتوچوویەکی ناحەز. ئوتووبووسەکە ناگاتە جێ و تووشی ڕووداوێکی هاتوچوو دێین. کێ پێ دەزانێ؟

بێدەنگ بە ئەی من، کە ڕووداوی هاتوچۆ ئاساییە و خراوپی ئەو هەموو ڕێگاوبانە ئاساییە و تاران نایەوێ دەنگت ببیستێ؛ تاران پێویستیە تۆ بێدەنگ بی؛ تاران خۆشی لە دەنگت نایە.

بۆ خوێندن ئەبێ بڕۆیتە تاران
بۆ دەرمان ئەبێ بڕۆیتە تاران
بۆ تاوانباری و بێتاوانی ئەبێ بڕۆیتە تاران
بۆ کار و بێکاری ئەبێ بڕۆیتە تاران
بۆ مردن
بۆ مردن

سەیرێکی پیرەپیاوەکەی تەنیشتت بکە و گەزەکانی سەوەتەکەی بژمێرە؛ ئا ئەوە خەڵکی سنەیە و خەریکی چراندنی سۆزێکیشە لە دەنگیا، کە تاران لێی تێناگات و کە تاران لە زمانی ئێمە قەڵسە و کە تاران بێز ئەکاتەوە لە شەروالەکەی کە کوردییە و لە دەنگەکەی کە سنەییە و لە دەستەکانی کە زبرە زبر؛ قلیش قلیشە وەک جادەکانی وڵاتەکەی. کە تەوێڵی لۆچاوییە و تاران ساف و لووسکە نەبێ نایەوێ.

ئەی تاران، کە کچانی کاتژمێر دووی نیوەشەوت لە ژێر عەبایەکا داپۆشیوە؛ ئەی تاران کە خۆتت لە ژێر برینا شاردووەتەوە، کە لە مەرگی دەوربەرتا دەژیت؛

دڵتەنگم ئەکەی...

خانۆمها ڤە ئاقایان بێخاتێرێ فاتێمێیێ زەهرا مەریز دارەم...

جێگە وپێگەی ئاژەڵان لە ئایین وکولتووری کوردە واریدا

■ مامۆستائە حمەدموسە نەفی

بە سەرنجدان بەوەی مرۆڤ گەورەی هەموو بوونەوەرانە وئاقڵترین وڕێزدارترینە. هەرئەو مرۆڤە بە زەبری ئەقڵ بڕێک جاران مامەڵەی وا دەکات لەگەڵ خۆی و باقی گیانداران کە زۆر جێگەی سەرسووڕمان وتێڕامانە. جا هەم لە بواری بەزەیی ومیهرەبانی وهەم لە بواری توند وتیژی، چ لەگەڵ خۆی چ لەگەڵ بوونەوەروهاونەوەعەکانی خۆی یانی باقی مرۆڤەکانی ترنواندووە؛ لەکوشتن، ئازارولێدان و... کە هیچ گیاندارێکی درندەی دیکە وایان بە خۆیان وهاوشێوەی خۆیان ومرۆڤەکان نەکردووە. کە مرۆڤەکانی بە چەکی ئەقڵ و ژیری وەهایان بەیەکترکردووە.

مرۆڤ لەسەردەمانی پێشوو، بەکوتەک وبەشمشێر وهەتادەگاتە بۆمبی هەستەیی وشیمیایی وباقی کەرەستەکانی دیکەی شەڕ، بۆ یەکتر کوشتن، بۆ مانەوەی بڕێکیان لەسەر دەسەڵات، یان تەماح یان شتێ، کە ئەکرابە یەکترلە ناوبردن نەبوایە. کاتێ دەبینین مرۆڤ ئاوامامەڵە لەگەڵ هاونەوعی خۆی دەکات، ئەبێ چی بەسەر باقی بوونەوەرلە گیاندارو بێگیان بێنێ؟

بەڵام بە پێچەوانەیشەوە هەر ئەم مرۆڤە جاری وایش هەیە وا مامەڵە لەگەڵ هاونەوعی خۆی و غەیری خۆی دەکات کە جێگەی سەرسووڕمانە و ڕێزەوپێزانینە. هێندەجوان مامەڵەدەکات کەڕووی هەموومرۆڤایەتی سپی دەکاتەوە؛ نموونەکانی زۆرن. جائایینی پیرۆزی ئیسلامیش گرنگیی تایبەتی داوە بەم باسە؛ چ بواری بەزەیی وخۆش مامەڵە کردن، چ بواری توندوتیژی.

لە ساڵی ١٨٢٢ز یاسای پشتگیری لە ئاژەڵان لە پەرلەمانی بریتانیادەنگی پێ دراولە١٩١١زبەئەنجام گەیشت. کە ئەمانە لەو بەندانەن: سووکایەتی نەکردن بە حەیوانەکان، بەشەرنەدانیان لەگەڵ یەکتر، نەبڕینی کلکیان و... جا دوایی وڵاتەکانی دیکەولایەنگرانی ئەویاسایەلەسەراسەری ئەوروپا زۆربوون وپەرەیان سەندن.

لەم نێوانەدا ئەگەر بە وردی لەم بوارە سەرنجی پڕۆگرامی ئیسلام بدرێت زیاتر لەوە مافی ئاژەڵان و ڕێزگرتن لێیان دەبینرێت، تا ئەویاسایە کە باسمان کرد. گیانداران یا بە واتایەکی دیکە ئاژەڵان لەسەر مرۆڤەکان مافیان هەیە وپاراستنی ئەومافانە دەبێ ڕەچاوبکرێت. بەسەرنجدان بەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشێوەیەکی گونجاوولە بارباسی حەیوانات و مافیان و حەقیان لەسەر مرۆڤەکان کردووە. لە ئیسلامدا مافی هەموو گیانداران ئەبێ بپارێزرێ، تا دەگات بەمێلوورەیەک.

نموونەمان زۆرن. پیاوانی ئایینی کە لە بەشی خۆیان داوە بە سەگ، بێ قیز و بێر لە پاڵیانا نانیان خواردووە. کە یەکێکی دیکە لەو نموونانە سەحابەیەکی پێغەمبەر(د.خ) هێندە لەگەڵ پشیلەیەک بەینی خۆش بوو، کە بە باوکی پشیلە تا ئیسێیش مەشهوورە. و یا مامۆستا مەولەوی شاعیری بەناوبانگی کورد، جارێک کە دێتەوە بۆ ئاوایی "چۆڕ"، لە خەرمانێک بڕێ گەنمی ئەدەنێ. کەدەگاتە "دەربەنی دزڵی" سەیرئەکات ناوگەنمەکە مێلوورەی تیایە؛ هەرلەویا ئەگەڕێتەوە وگەنمەکە ئەباتەوەبۆسەرخەرمانەکە، دووبارەباری ئەکاتەوە، مەگەر سەیدمحەمەد باختەر کاری وای کردبێ. ئەم نموونە هێنانەوانە بۆ ئەوەیە کە حەز ئەکەم مامەڵە جوانەکانی مرۆڤ لەگەڵ حەیوانات، وەبیر بێنمەوە.

با سەیرێکی قورئانی پیرۆزیش بکەین بزانین چۆن باسی گیانداران بۆ بڕوادارانی دەکات. ناوی ئاژەڵان بەم شێوەیەلەقورئانداهەیە:ئەلف)ئاژەڵی خۆمانە: گا، بزن، مەڕ و ئەسپ. ب) ئاژەڵی هەردی: گورگ، شێر، فیل، ئاهووج) باڵندە: قاڵاو، پەووسلێمانە، تەیر. د) دەعباوردیلە: هەنگ، مێلوورە، کولە، مۆریانە. لە گیانداران و ئاژەڵان لە ٥٢ سوورەی قورئان وە١٥٤ ئایەدا باس کراوە؛ کەپیشاندەری ڕێزە لەوگیاندارانە. جیاوازترلەمە، قورئان لەئاستێکدا ڕێز بۆ ئاژەڵان دادەنێت کە ناوی گەورەترین سوورەتی قورئانی بە ناو ((گا)) ناو ناوە. چەندین سوورەتی دیکەیش وەک: "أنعام"، چوارپێیان، "نحل"، هەنگ، "نمل"، مێلوورە، "عادیات"، ئەسپی سەرکێش، "عنکبوت"، جۆڵاییکەرەوفیل.

هەر وەها، پێگەی ئاژەڵان لە ئاستێکدایە پێغەمبەری خوا جارێک کەرێکی چاو پێکەوت، ناوچاوانی داخ کرابوو، فەرمووی نەعلەتی خوا لەو کەسە بێ ئاوای بەو بێزوانە کردووە، وە هەروەها نەفرەتی لەو کەسانە کردووە ئازاری حەیوانات دەدەن. لە هەموو ئەمانە گرنگتر وسەرنجراکێشتر ئەوەیە کەخواسوێندبەئەسپ دەخوات. سەرباقیی ئەمانە خواداوامان لێ دەکات بۆ[تفکر، تعقل، تدبر].

سیاست زبانی و آموزش چندزبانگی (۵)

(این شماره:آفریقای جنوبی)

■ امین عزیزی

در بسیاری از کشورهای جهان به علت بافت اتنیکی جوامع و احقاق حقوق اولیه گویشوران به زبان‌های متفاوت در سیستم آموزشی و تحصیلی، از مدل‌های آموزش چندزبانگی بهره گرفته می‌شود؛ اما متأسفانه در ایران، "سرمایه‌های زیادی را برای محدود کردن و تضعیف زبانِ زنده‌یِ مادریِ اقوامِ ایرانیِ غیرفارسی‌زبان صرف می‌کنیم. تخریب زبان به تخریب فرهنگ و تخریب فرهنگ به تخریب هویت می‌انجامد. آنگاه وقتی هویت تخریب شد جای آن را نفرت و خشونت پر خواهد کرد."(دکتر محسن رنانی ۱۳۹۵).

در ایران جز زبان فارسی هیچ زبان دیگری رسمیت ندارد و به گفته آقای حاجی بابائی وزیر آموزش‌وپرورش پیشین، حدود ۷۰٪ دانش‌آموزانی که وارد سیستم آموزشی و تحصیلی می‌گردند دارای زبان مادری به‌غیراز زبان فارسی می‌باشند و تنها ۳۰٪ دانش آموزان هنگام ورود به سیستم آموزشی دارای زبان مادری فارسی می‌باشند. حال نکته قابل توجه و تأمل، تحمیل زبان ۳۰٪ از دانش آموزان فارس زبان به ۷۰٪ دانش آموزان غیرفارسی‌زبان در سیستم آموزشی ایران می‌باشد که بی‌شک جزء نادرترین سیستم‌های آموزشی در دنیا است که علیرغم چند فرهنگی و چندزبانه بودن، اکنون نیز بر تداوم این سیاست اصرار می‌ورزند. اگر آمار فوق که از سوی یک مقام رسمی هم ارائه‌شده است، مورد گمان باشد، در خوش‌بینانه‌ترین حالت، نیمی از جمعیت ایران غیرفارسی‌زبان هستند.

در ایران هیچ‌یک از زبان‌های ترکی، بلوچی، کردی و ... در سیستم آموزشی کوچک‌ترین جایگاهی ندارند. بر اساس باور و سیاستِ به حاشیه راندن زبان‌ها و فرهنگ‌های اقوام غیر فارس، "آموزش دوزبانه یا چندزبانه یعنی رسمیت دادن به زبان اقلیت‌ها و پذیرش حق آموزش به زبان مادری برای هرکدام از گروه‌های ملی/قومی در ایران توأم با آموزش یک‌زبان میانجی (زبان فارسی) در تمام مناطق، اقدامی غیرضروری، پرهزینه و غیرعملی بوده و درنهایت باعث ایجاد حس واگرایی و تشدید علایق تجزیه‌طلبانه خواهد شد!"(اعضاء فرهنگستان زبان فارسی)

بدیهی است، ادامه این سیاست و نگاه، دور از عدالت زبانی و فرهنگی و مخالف حقوق و میثاق‌های بین‌المللی و اصول ۱۵ و ۱۹ قانون اساسی کشور است. با این‌حال هرچند بسیار دیر است اما شایسته و بایسته است بیش از این راه خطا، بیراهه و کج‌راهه نپیماییم و نقطه پایانی بر این نوع بی‌عدالتی زبانی نهاده شود.

بارها اشاره‌شده است که تجربه‌های در دسترس در سایر کشورهای دنیا نشان می‌دهد که هیچ تضادی بین به رسمیت شناخته شدن زبان اقلیت‌های زبانی –فرهنگی در یک جامعه و چندزبانه شدن یک کشور با حفظ یگانگی و البته تقویت وحدت ملی آن کشور وجود ندارد. در چهار شماره پیشین ماهنامه چیا، تجاربی از اجرای راهکار سیستم چندزبانگی در کشورهای مختلف جهان ارائه‌شده است. در این شماره قصد آن داریم به سیاست زبانی و ارائه‌ی سیستم چندزبانگی در کشور **آفریقای جنوبی** بپردازیم.

تنوع نژادی و زبانی در آفریقای جنوبی

جمهوری آفریقای جنوبی، با جمعیت ۵۳ میلیونی (۲۰۱۳م)، مساحت ۱،۲۷۲،۰۳۷ کیلومترمربع با ریشه‌ها، فرهنگ‌ها، زبان‌ها و عقاید مختلف در جنوبی‌ترین نقطه قاره آفریقا و در سواحل دو اقیانوس اطلس و هند قرار دارد. کشوری که در درون خود کشوری دیگر به نام (لسوتو) را جای داده است. آفریقای جنوبی تنها کشور در جهان است که دارای سه پایتخت متفاوت می‌باشد. قوه مجریه در پرتوریا، قوه مقننه در کیپ‌تاون و قوه قضائیه در بلوم فونتین قرار دارد.

آفریقای جنوبی تاریخ متفاوتی را نسبت به دیگر کشورهای آفریقایی تجربه کرده است. مهاجرت اروپایی‌ها به آن و موقعیت استراتژیک دریایی آن سبب شد تاریخ پرفرازونشیبی را داشته باشد. این کشور از معدود کشورهای آفریقایی است که در آن هیچ‌وقت کودتا صورت نگرفته و انتخابات منظم در طول یک سده اخیر در آن برگزارشده است. بزرگ‌ترین جمعیت‌های دورگه و اروپایی و هندی در آفریقا، در این کشور مستقر می‌باشند و از ۴ نژاد اصلی؛ سیاه (۷۹ درصد)، سفید (حدود ۱۰ درصد)، رنگین‌پوست (حدود ۹ درصد) و آسیائی و هندی تبار (۲ درصد) تشکیل شده است.

قانون اساسی آفریقای جنوبی؛ حقوق سیاسی و ۱۱ زبان رسمی

نظام حکومتی که نهایتاً گروه‌های مختلف قومی و سیاسی در دهه ۱۹۹۰ بر سر آن توافق کردند، جمهوری پارلمانی است و از یک قوه قضائیه مستقل و سه سطح حکومتی برخوردار است. هرکدام از سه سطح ملی، استانی و محلی دارای قوه اجرائی و پارلمان قانون‌گذار است. رابطه این سه سطح در قانون اساسی به «متمایز ولی دارای وابستگی و روابط متقابل» تعبیر شده و از آن به‌عنوان حکومت مشارکتی نام‌برده است.

سه ویژگی مهم قانون اساسی آفریقای جنوبی عبارت است از:۱- ایجاد ائتلاف میان گروه‌های مختلف قومی و سیاسی ۲- اعطای اختیارات وسیع به قلمروهای فرهنگی و قومی ۳- حمایت از حقوق اقلیت‌ها و تأکید بر حقوق اولیه شهروندان از هر قوم و گروه و جنسیت.

علاوه بر موارد یادشده، نهادهایی تحت عنوان «ارگان‌های دولتی» در قانون اساسی پیش‌بینی شده است تا از حقوق مردم حفاظت کند. این نهادها عبارت است از: کمیسیون حقوق بشر، کمیسیون حمایت و ترویج حقوق جمعیت‌های فرهنگی، مذهبی و زبانی، کمیسیون برابری جنسیتی، سازمان بازرسی کشور و کمیسیون انتخابات.

آفریقای جنوبی ۱۱ زبان رسمی دارد؛ از این ۱۱ زبان، ۹ زبان از زبان‌های آفریقایی خانواده بانتو* عبارتند از: (فاناگالو، خویی، لوبدو، خوسا، ناما، دبل شمالی، فوتی، نس و زبان اشاره‌ای آفریقای جنوبی) و دو زبان اروپایی؛ یکی زبان آفریکانس که از هلندی ریشه گرفته

و زبان اکثریت سفیدپوستان و دورگه‌های این کشور است و دیگری زبان انگلیسی که در تجارت و عرصه عمومی استفاده زیادی دارد اما فقط پنجمین زبان پرگویشور در خانه‌هاست و پر متکلم‌ترین زبان آفریقای جنوبی به شمار نمی‌آید.

بسیاری از سفیدپوستان آفریقای جنوبی به زبان‌های اروپایی مانند پرتغالی (که سیاه‌پوستان آنگولا و موزامبیک هم به آن سخن می‌گویند) آلمانی و یونانی صحبت می‌کنند و بسیاری از آسیایی‌های مقیم آفریقای جنوبی و هندی‌ها به زبان‌های آسیای جنوبی مانند هندی گوجاراتی و زبان تامیل صحبت می‌کنند. به علت تنوع نژادی در کشور آفریقای جنوبی، فرهنگ «واحدی» در این کشور نمی‌توان یافت.

اکثریت جمعیت سیاه‌پوست این کشور هنوز در مناطق روستایی زندگی می‌کنند و از زندگی ساده و فقیرانه‌ای برخوردارند. با این وجود زبان، موسیقی، و رقص سنتی توسط همین مردم زنده مانده است و هرچه سیاه‌پوستان شهری و یا غرب زده می‌شوند، فرهنگ و سنتشان کمرنگ‌تر می‌شود. اغلب سیاه‌پوستان شهرنشین علاوه بر زبان مادری خود، زبان انگلیسی یا آفریکانس صحبت می‌کنند. با این وجود تعدادی از گروه‌های اقلیت تلاش می‌کنند از زبان‌های در حال انقراض بیشتر استفاده کنند و آن‌ها را زنده نگه‌دارند.

حقوق آموزشی و آزادی تحصیل به زبان مادری

پس از تغییر رژیم آپارتاید در آفریقای جنوبی و تصویب قانون اساسی در سال ۱۹۹۳ زبان به‌عنوان حقوق انسانی شناخته‌شده و چندزبانگی به‌عنوان میراث معنوی کشور تلقی گردیده است. در قانون اساسی در کنار زبان انگلیسی و زبان‌های آفریقائی، ۹ زبان دیگر قومی / قبیله‌ای نیز رسمیت یافته‌اند. پنج سال سیستم آموزشی و تحصیلی در آفریقای جنوبی بر اساس زبان مادری کودک و در اثنا آن نیز زبان‌های انگلیسی، فرانسوی و پرتغالی تدریس می‌گردد.

همچنین به‌موجب فصل سوم قانون اساسی و نیز کنوانسیون‌های بین‌المللی مصوب پارلمان درزمینه مسائل آموزشی، سیاست حمایت از حقوق اساسی هر فرد تضمین‌شده و به شرح زیر در نظر گرفته‌شده است:

۱- حق هر فرد مبنی بر این‌که در درون یک اداره یا مؤسسه آموزشی یا به‌وسیله آن در همه زمینه‌ها، هرچه باشد(ازجمله زبان)، نسبت به تبعیض ناصواب مورد حمایت قرار داشته باشد؛

۲- حق هر فرد در دسترسی به آموزش پایه و دسترسی برابر به مؤسسات آموزشی؛

۳ - حق اولیاء و سرپرستان در خصوص تعلیم و تربیت فرزندان یا صغیران تحت سرپرستی‌شان؛

٤ - حق هر کودک نسبت به تعلیم و تربیتش؛

٥ - حق هر کودک در خصوص درس گرفتن به زبان انتخابی‌اش مشروط بر آن‌که این انتخاب معقول و صورت‌پذیر باشد؛

٦ - حق هر فرد درزمینه آزادی‌های مربوط به آگاهی، دین، اندیشه، عقیده، نظر، بیان و معاشرت در درون مؤسسات آموزشی؛

۷ - حق هر فرد در مورد تأسیس مؤسسات آموزشی بر پایه زبان، فرهنگ، یا دین مشترک، هرجا عملی باشد و مادامی‌که به‌دور از تبعیض نژادی باشد؛

۸ - حق هر فرد نسبت به استفاده از زبان و شرکت در حیات فرهنگی انتخابی‌اش در درون مؤسسات آموزشی؛

شکاف‌های فاحش طبقاتی و مشکلات سیستم آموزشی

در آفریقای جنوبی نظام آموزشی هنوز در تلاش است شکاف‌هایی را که رژیم آپارتاید به وجود آورده است، از بین ببرد. سیستم آموزشی در آفریقای جنوبی هنوز از میراث آپارتاید رنج می‌برد و دو پاره است: بخشی خاصِ ثروتمندان است و بخشی برای مردم محروم که بیشترشان را سیاه‌پوستان تشکیل می‌دهند. درواقع، اغلب منابع خوب در دسترس مدارسی است که اکثریت دانش‌آموزانشان سفیدپوست هستند.

در مناطق فقیرنشین آفریقای جنوبی مدارس شهریه نمی‌گیرند. درنتیجه، میزان ثبت‌نام دانش آموزان افزایش‌یافته است. بااین‌حال کلاس‌های درس برای استقبال از دانش آموزان آماده نیستند. باآنکه دولت بیشترین درصد تولید ناخالص ملیِ را به آموزش اختصاص می‌دهد سیستم آموزشی این کشور در رتبه‌بندی‌ها در رده آخر قرار دارد. کارشناسان می‌گویند که فقر آموزش تنها به تفاوت ظاهری میان ساختمان مدارس محدود نمی‌شود، بلکه به کیفیت کارآموزگاران نیز بستگی دارد.

در این میان، تعدادی مدرسه دولتی بسیار خوب وجود دارد، اما ورود به این نوع مدارس هزینه سنگینی دارد و رقابت زیادی نیز برای ثبت‌نام در جریان است. خزانه دولتی، کمک‌هزینه‌های تحصیلی و کمک‌های مالی فردی گاهی به میدان می‌آید. به‌عنوان نمونه بنیاد موسوم به «دانش آموزان برای آینده بهتر» بنیادی است که شهریه برخی از این دانش آموزان را تأمین می‌کند. مقطع آموزش ابتدایی در آفریقای جنوبی ۷ سال نخست آموزش‌وپرورش این کشور را شامل می‌شود.

با تمام چالش‌ها و کمبودها، آفریقای جنوبی بعد از آپارتاید، توانسته است، به رهنمودهای یونسکو در زمینه به رسمیت شناختن زبان‌های متفاوت اقوام و نژادهای گوناگون کشور و اجرای سیستم چندزبانگی و آموزش به زبان مادری در مدارس اهمیت داده و در این کشور هیچ زبانی مورد تبعیض واقع نگشته و بعد از هندوستان آفریقای جنوبی با ۱۱ زبان رسمی ازنظر تعداد زبان دومین کشور است که آموزش چندزبانگی را به اجرا گذاشته است.

* بانتو نام یک نژاد و خانواده زبانی در آفریقا است که بیش از ۴۰۰ گروه قومی را از کامرون تا آفریقای جنوبی در برمی‌گیرد. در تمامی زبان‌های بانتو، (واژهَ بانتو به معنی انسان است).

/http://www.southafrica.info
http://en.wikipedia.org/wiki/President_of_South_Africa

شیکاریێو سه‌روو ڕازه‌و مامالێ و داواچێو سه‌روو ڕه‌خنه‌و «زانیار دره‌خشانی»

■ ئیبراهیم شه‌مس

ڕازه‌و مامالێ باسوو کتێوێنه که ئینا دلێ یانه‌و مامالێوێوێ فه‌قیرێنه. ئی مامالێ زاروڵه‌کێش گه‌ورێ بیێنێ و ئاسێنه‌شا جیا. ئاڵێچه چنی کتێوێ ژیوایش به‌ڕۆ سه‌ر. ژیوایوی فره سه‌خڵه‌ت و بێ ده‌سه‌ڵاتی و بێ تفاقی کارێش پنه که‌ردێنه نمه‌تاوۆ بۆنه‌و کاسێوی ماسی جه ئا کته به‌سه‌زوانێ ویه‌ڕۆ که بۆنه‌و ئاورایی و نه‌بیه‌ی هیچی یانه‌و پیره‌ژه‌نه‌کێنه مه‌جبووره بیێنه ماسه‌که‌ی بوه‌ڕۆ. به تاوانوو ئا کاریشه حه‌ساسته‌رین یاگێ به‌ده‌نیش یانێو قلیچکه‌یش پڕنۆ. کتێ به‌سه‌زوانه یانه‌و پیره‌ژه‌نێنه به‌ره مشۆ به‌ڵام جه هیچ یاگێو په‌ناگایێو نمه‌ئێزۆوه تا په‌ناش په‌ی به‌ڕۆ. وه‌ختێو ئی نۆقسانیه جه وێشه‌نه وینۆ، جه وه‌روو ناعه‌لاجی هه‌مته‌ر ڕوه مارۆنه مامالێ تا قلیچکه‌که‌یش په‌ی وه‌ش که‌ڕۆوه. مامالێچ مه‌رجێوش په‌ی منیۆره بلۆ کاسێو شۆتش په‌ی بارۆ . کته گنۆ ڕا ئه‌وه‌ڵ ملۆ لاو بزێ. داواو شۆتی که‌ڕۆ. به‌ڵام بزه جه ئاورایێ نالۆ و ماچۆ: وه‌ختێو هیچ نیا بوه‌روو، شۆت چکۆ بارووو؟ لوه گه‌ڵا نه‌ره‌م په‌ی باره. ملۆ په‌ی لاو نه‌ره‌ی؛ نه‌ره‌یچ ماچۆ: من ته‌ژنه‌ما واران نه‌واران لوه ئاویم په‌ی باره تا گه‌ڵات ده‌و. ملۆ په‌ی سه‌روو هانه‌ی وینۆ هانه‌چه‌مه‌یچ وشک بیه‌ن و ئاوی نیه‌نه. هانه‌چه‌مه‌که ماچۆ: لوه واچه به تاقمه‌و کوڕ و کناچا با به‌یا سه‌رمه‌و هۆرپڕا، تا ئاوی جه چیروو زه‌مینیه‌نه به‌ی به‌ڕ. ملۆ په‌ی لاو تاقمه‌و کوڕ و کناچا وینۆ ئاڵێچێ گرڵ کزێ و ناشاڵێنێ و پاڵایچشا نیه‌نێ . ملۆ په‌ی لاو ئۆسای پاڵا ورازی. ئۆسای پاڵا ورازیچ پیاوه‌تی که‌ڕۆ بێ زه‌ڕ پاڵای وه‌شێ که‌ڕۆ په‌ی گرڵوو زاروڵه‌کا. زاروڵه‌کێ ملا سه‌روو هانه‌چه‌مه‌که‌یه‌و جه‌ژنه گێرا و هۆرپڕا. جه وه‌شیێ شاڵی و هۆرپڕای زاروڵه‌کانه هانه‌چه‌مه ته‌قۆ و ئاوی زه‌مینه‌نه به‌ر مه‌ی. کتێ ئاوی به‌ڕۆ په‌ی نه‌ره‌ی. نه‌ره سێراو بۆ و گه‌ڵاش گه‌ش بۆوه. گه‌ڵا به‌ڕۆ په‌ی بزه‌کێ. بزه‌کێچ سێره بۆ گوانیش په‌ڕێ با جه شۆت. شۆته‌که‌ی به‌ڕۆ په‌ی مامالێ. مامالیچ قلیچکه‌که‌یش وه‌ش که‌ڕۆوه جه ئه‌وه‌ڵی زه‌ریفته‌ر.

چی ڕازێنه مامالێ نیشانێ فه‌قر و نه‌ڵاری و که‌م ده‌سه‌ڵاتیه‌نه و کتێچ نمادوو کوڕلێوی زرێنگی که تووشوو گێچه‌ڵێوێ قورسی ئامان و جیای ته‌سلیم بیه‌ی و سه‌ره‌ره وسه‌ی ، ده‌س که‌ڕۆ به چنگه‌پڕچێ چنی ئی گێچه‌ڵێ و په‌ی گێرته‌ی و به‌ده‌س ئاڕده‌ی حه‌قوو وێش، ملۆ گرڵ یاگێو و سه‌خڵه‌تی ڕای شه‌که‌تش نمه‌که‌ڕۆ تا به ئاکاموو وێش میاوۆ و بۆ به باعێسوو لاشیه‌ی گێچه‌ڵێوی قورسێ جه کۆمه‌ڵگانه. بزه ئاوراکێ و نه‌ره‌ی ته‌ژنه و سیسه‌و بیه و هه‌ر پاسه هانه‌چه‌مه‌ی وشک نیشانێ وشکه‌ساڵی و بی وارانیه‌نه و زاروڵه‌کێ نمادوو شاڵی و جم و جوڵ و حه‌ره‌که‌تیه‌نێ. ئانه‌نه که وختێو وه‌شکه‌ساڵیا، زاروڵه‌کێچ ته‌میه‌ینێره و حاڵ و حه‌وسه‌ڵه‌و هیچ کاریۆیشا نیا و پایچشا بی پاڵه‌ینێ.

ئۆسای پاڵاوراز یا به قه‌وڵه‌وو ڕه‌خنه‌گیری کڵاشکه‌ر، نمادوو سه‌نعه‌تگه‌ری هه‌ورامانیا. و ده‌سی ئاخر جه‌ژنه و شاڵی یانێو هه‌رمان که‌رده‌ی و جووڵیای و کۆشیای په‌ی جوان مه‌نه‌ی و په‌ی شاڵ ژیوای. جه‌ژنه دایمه ده‌س پنه که‌ردێ کاریا . وه‌ختێو تاقمه‌و کوڕ و کناچه‌ی پاڵاکا که‌رانه و ده‌سه گێرا و هۆر پڕا و جه‌ژنه و شاڵی که‌را، دنیا گنۆ وه‌شی، ژیوای گنۆ جه‌ره‌یان، ئاوی ته‌قۆ و سرووشت جوان و تازه بۆوه.

ئی ڕازێ فۆلکلۆره‌ی تایبه‌ت به هه‌ورامانیه‌نه و ڕه‌نگا سه‌ده‌ها ساڵێن ده‌م به ده‌م گێڵیانیه‌وه تا یاواینه به ئێمه و فره‌و خه‌ڵکوو هه‌ورامانی مزاناش و هه‌ر پی شکڵه گێڵناشه‌وه . ئی جۆره ڕازێ بێ شک ڕیشه‌ی تاریخیشا هه‌ن و تا چێوێو نه‌قۆمیابۆ یا کاره‌ساتێو نامابۆ ڕوه، ئی ڕازێ وه‌شێ نه‌کریاینێ.

بڕێو وه‌ختێ فۆلکلۆر متاوۆ پێسه که‌ره‌سێوی په‌ی به ده‌س ئاردێ‌ی تاریخ ئه‌ده‌بیاتی که‌ڵکه‌ش چنه گیریۆ. په‌ی نموونه‌ی ئێمه وه‌ختێو داستانه شێعره‌و کوله و عاینه‌مه‌لوو میرزا ئه‌ولقادێری موانمێوه ئه‌گه‌ر نه‌ختێو جه تاریخی شاره‌زاییما بۆ، گنمێوه ویروو جه‌نگوو ئێرانیه‌کا و عوسمانیه‌کا جه سه‌رده‌موو زه‌ندیه‌کانه. چوون سپاو عوسمانی ته‌شبی کریان به کوله یا مه‌له‌کوڕی که مه‌یا گردوو سه‌مه‌روو ملکه‌کاو پاوه‌ی موه‌را خه‌ڵکی په‌نا به‌را به سپاو عاینه‌مه‌لی جه شیرازه‌نه. شاو عاینه‌مه‌لی فه‌رمانه مدۆ به سپاکێش بلا و پاوه‌ی جه ده‌سوو کوله‌یه‌و ڕزگار که‌را. ئینه ئه‌وه‌گێڵنای گۆشێو جه تاریخوو ئی مه‌نته‌قه‌یه‌نه که میرزائه‌ولقادێر به زه‌ریفی که‌ردێ‌نش داستانه شێعره. و ڕازێ چێمنێ دلێ کۆمه‌ڵگاکانه فرێنێ و حه‌تمه‌ن چێوێوی دڵته‌زێن قۆمیان که که‌ردێ‌نشا ڕازه . ئی ڕازێ که ڕیشه‌ی تاریخیشا هه‌ن، جه ویاری فه‌رهه‌نگی و تاریخیه‌ره ئێژانه و کێشانێوی به‌رزشا هه‌ن. یاگی ئه‌ده‌بیاتی فۆلکلۆری پێسه‌و سه‌نه‌دێوی تاریخی ئینا وه‌روو چه‌ماوه. ماکسیم گوورکی ماچۆ: هه‌ر چن جه فولکلۆره‌نه به‌شه‌ر مشێو چنی ژیوای گژیۆ، به‌ڵام ئه‌ده‌بیاتی فولکلۆر چنی به‌ده‌بینی بێگانه‌ن. ئێنسان تا فولکلۆری نه‌ژناسۆ، نمه‌تاوۆ ده‌رکێوی ڕێکش جه ئه‌ژناسای تاریخوو نه‌ته‌وه‌کا بۆ.

که‌سانێو که تاریخوو هه‌ورامانیشا وانان یام به ده‌مواچ په‌یشا گێڵیانه‌و وه یا که‌سانێو هه‌نێ که حه‌تتا ده‌رکشا که‌ردێ‌ن، هه‌ورامان بۆنه‌و که‌م بیه‌و زه‌مینوو زه‌راعه‌تیش دایمه تووشوو گێچه‌ڵێ ئامان یا وشکه‌ساڵی یا جه‌نگ و جه‌ڵه‌به و هه‌ڵمه‌ته‌و بێگانا بیه‌ن هۆ بێ ده‌سه‌ڵاتی و که‌م ده‌سی و بی ڕزقی. من فره ده‌موو پیراوه ئه‌ژنیه‌نم ساڵه‌و گرانیه که‌ی. ئی ساڵه‌و گرانیه که ئه‌جۆ چن ساڵێ ده‌وامش بیه‌ن، خه‌ڵکی خه‌له نه‌بیه‌ن که‌روو هاردێ. هاردێ تفیشا واردێ‌نێ یا لوایێ که‌ش نیۆڕشا وارده‌ن. وه‌زعه‌و هه‌ورامانی باز جه یاگانێوته‌ری خاسته‌ره بیێنه چوون ملکه‌کێ سه‌مه‌رشا بیه‌ن یا که‌شه‌کێ دار و دره‌خت و گیوا په‌ی واردێ‌یشا بیه‌ن. ئی کاره‌ساتێ بیێنێ هۆکاروو ئانه‌یه ڕازێ وه‌شی با و زاروڵه‌کێ چنی ئی کاره‌ساتا ئاشنه‌ی کریا. ئینه باسێوی گردی سه‌روو ڕازه‌و مامالێ و فه‌لسه‌فه‌و ئی ڕازێ بێ.

پاسه بزانوو برادەرێو به نامێ زانیار دره‌خشانی نه‌قدێوش نویسه‌ن سه‌روو ئی ڕازێ و چن ڕه‌خنێش گێرتێنێ. هه‌ر چن من ئی برادەریه نمه‌ژناسوو و نمه‌زانوو کۆگه‌یا و تا چ ڕادێو ملوو تاریخ و فه‌رهه‌نگوو ده‌مواچوو هه‌ورامانی شاره‌زاییش هه‌ن، و نمه‌واچوو که نه‌قده‌که‌ش ڕێکا یا ڕێک نیا به‌ڵام هۆمێدم ئانه‌ن ئی نه‌قده سه‌روو دڵسۆزیه‌و بۆ نه‌ک هه‌ده‌فمه‌ند که به داخه‌وه فره‌و ئی ڕه‌خنا بۆناخاتره‌و بڕێو چێوانێوه‌نێ که من حه‌ز نمه‌که‌روو چێگه‌نه باسش وزوو سه‌ر. په‌ی نه‌قده‌که‌یش ئێحترام قائێله‌نا، به پاو ئانه‌یه کاکه مۆحسێن که‌ره‌می ئی نه‌قدشه نیانه‌ره و وێچش لایه‌نگیریش که‌رده‌ن به ئێحترامو وانه‌ره کا ئا نه‌قدیه جوابێو منویسوو.

۱- نه‌قده‌که فره تونڎ و تێژا و پاسه دیارا

که (منتقد) جه وه‌روو تووڕه‌یی فره‌یه‌و ئی مه‌تڵه‌بشه نویسه‌ن و ته‌نیا یه‌ک چێو وه‌روو چه‌ماشه‌و بیه‌ن ئاڎیچ ئه‌وه‌گێڵنای داستانه‌و حه‌یوان ئازاریێو که وه‌رده‌نگه‌کێش زاروڵێنێ. ئی ڕازێ نه من نویسێنه و نه من وه‌شکه‌رش بیه‌نا. ئی ڕازێ گاهه‌ز سه‌ده‌ها و یا هه‌زاران ساڵێ تاریخش بۆ ئاننه مزانوو تایبه‌ته‌نه به فه‌رهه‌نگی ده‌مواچوو هه‌ورامانی. و گردوو مه‌حاڵه‌کاو هه‌ورامانی ئی ڕازێ مزانا و گێڵیاینه‌و په‌ی زاروڵه‌کاشا. ئه‌گه‌ر جه بۆعدوو ده‌روون شناسیه‌ره بلمێش په‌ی مشێو واچمێ قه‌ده‌یمیه‌کێما که ئی فۆلکۆره‌شا وه‌ش که‌ردێ‌ن و سه‌ده‌ها ساڵێن ئینا چی کۆمه‌ڵگانه، هه‌ڵه و جه‌نایه‌تشا که‌ده‌ڕه‌ن ده‌ر حه‌ننا زاروڵه‌کاشا. ده‌ی کاکه پاسه نیا. ئه‌گه‌ر ئی ڕازێ زه‌ربه‌ش دابیایا ئه‌و ڕوح و ڕه‌وانوو زاروڵه‌ی که ئێتر نه‌بێ به فۆلکلۆر نه‌بێ به فه‌رهه‌نگی ده‌مواچ، ئێتر تا ئیسه نه‌مه‌نێوه. دڵنیا به قه‌دیمیه‌کێ ئێمه فره ژیرێ بیێنێ به تایبه‌ت خه‌ڵکوو مه‌حاڵوو هه‌ورامانی که ویه‌ردەی چن هه‌زار ساڵه‌ش هه‌ن. هه‌ر پاسه که وه‌ڵته‌ر عه‌رزم که‌ردڎ، ئی ڕازێ فه‌لسه‌فێوی قووڵش بیه‌ن.

۲- فه‌رماوانش که‌سێو که ئی ڕازێشه هۆر چنیێنه جه مه‌سه‌ڵێ ده‌روونشناسی و کۆمه‌ڵشناسی ئێننه ناشاره‌زا بیه‌ن دماو ئانه‌یه ئی گیانداره پاسه زه‌جر مدڕیۆ کیانۆشه‌ره دڵێ کۆمه‌ڵگای که چاگه گاڵته‌ش پنه که‌را. فکر نمه که‌روو ئی برادەره عال جه داستانه‌کێ یاویابۆنه. چوون جه ڕازه‌و مامالێنه دوێ کۆمه‌ڵگای جیاوازێ هه‌نێ ئه‌گه‌ر ئه‌چێگه گاڵته‌ش پنه کریۆ، که قه‌ته‌عن ئینه به‌شێوا جه ڕه‌فتاروو کۆمه‌ڵگای، جه یاگێوته‌ره‌نه یاوه‌ریش مدا په‌ی یاوای به ئامانجه که‌یش.

۳- به ویر و ڕاو جه‌نابیش کته‌ی به‌سه‌زوانه‌ی ونه‌قۆمیا مشێو بلۆ گێچه‌ڵه‌کاو کومه‌ڵگایچ وه‌شێ که‌ڕۆ تا حه‌قه‌که‌ش دریۆوه. یانێو عه‌مه‌دن به ده‌سوو نویسه‌ری مه‌جبووره کریاینه. به‌ڵام جه‌نابش که شاره‌زاو فۆلکلۆروو زاروڵان ، مشێو ئینه‌یه بزانۆ که جه فولکلۆره‌نه به‌شه‌ر مشێو چنی ژیوای گژیۆ و موباریزه که‌ڕۆ ئه‌گه‌ینا جه مه‌ژگ و زه‌ینوو کۆمه‌ڵگایه‌نه مه‌مه‌نۆوه و مه‌بۆ به فۆلکلۆر.

٤- ئۆسای پاڵا وڕاز هه‌ر پاسه که وه‌ڵته‌ریچ عه‌رزم که‌ردڎ، نمادوو سه‌نعه‌تگه‌ری هه‌ورامانیا. ئا سه‌نعه‌تگه‌رێ کاکه زانیار گیان! به ئه‌وپه‌ڕوو ده‌س و دڵبازیه‌و لوای تا دووڕته‌رین یاگاو کوردستانی و به کڵاش که‌رده‌ی و مه‌وچ و جاجم ڕێسته‌ی و چوخ و رانک که‌رده‌ی و وه‌شکه‌رده‌ی ئه‌نواعوو ده‌ستینه‌کا و سه‌نعه‌ته ده‌سیه‌کا و سه‌نعه‌ته‌که‌و وێش که هه‌زاران ساڵێ جه ئی مه‌نته‌قه‌نه بیه‌ن و مایه‌و فه‌خروو هه‌ورامانی بیه‌ن، به دڵ پاکیه‌و پێشکه‌شش که‌ردڎ‌ن. ئیسه گوا چی مشێو سه‌یر بۆ چوار هیتێ کڵاشێ دۆ به ئا کتێ که نمادوو کوڕێوی ونه‌قومیای موباریزیا!!! و جوابوو ئا په‌رسیه که ئایا ژه‌نیچ کلاشێشا بیێنێ؟ به‌لی بیێنێ. خۆ ژه‌نی پاوردا نه‌گێڵاینێ!

۵- زاروڵه‌و ئارۆی هیچوه‌خت جه زاروڵه‌و هیزی ڕۆحش له‌تیفته‌ر نیا. زاروڵه‌و هیزی که‌ی زانێ جوڕم و جه‌نایه‌ت یانیو چێش؟ که‌ی زانێ قه‌تڵ عام یانیو چێش؟ که‌ی زانێ زاروڵه کوشی چێشا؟ و داعێش کێن؟!!!! . ئی گرڎه داستانێ جه باره‌و حه‌یواناوه منویسیا و ئی حه‌یوانه ئا حه‌یوانیه موه‌ڕۆ، ئینێ ئێتر نمه‌شیۆ په‌ی زاروڵا گێڵیاوه؟ ئه‌ی چێش که‌ری به هه‌زاران کارتۆنێ که فرێشا باسوو حه‌یواناتیا و هه‌م حه‌یوان ئازاریشا چنه‌ن و هه‌م کوشته‌ی ؟!!

کاکه گیان! هه‌رچی ڕازێ و ده‌مواچێ تا ئی نه‌سڵه یاوه‌ینێ به ئێمه، مه‌نێنێوه. به‌ڵام ئێتر خه‌ریکا جه به‌ین مشا. ئیجازه ده‌یدێ با ئێمه ئی ده‌مواچیه بیاونمێ به نه‌سڵی دماینوو وێما. با زاروڵه‌کێما فه‌رهه‌نگه‌که‌و وێشا و فۆلکلۆره‌که‌و وێشا جه ویرشا مه‌نۆوه.

هه‌ڵۆنی یا قاڵاو

■ کاروۆ حه‌سه‌نی
خوێندکاری قۆتابخانه‌ی فه‌رزانه‌گانی مه‌ریوان

ڕۆژگاریه زوو جه ده‌گایه دوورەنه پیایه ژیان به‌ڕێ سه‌رچه‌نی کوڕه‌که‌یێش.

شه‌ویه پیاکه سه‌ره‌ش نیا سه‌روو سه‌ره‌نگاکێشۆ ویری که‌ڕێوه په‌ی وێش، واتش چه‌نی وێش: ئی کوڕمه ئیتر گه‌وره بییه‌ن، مشۆم به جۆریه ڕاوێژش په‌ی که‌روو حه رویرش نه‌شۆوه.

سه‌رسۆحو ڕۆو دمایی ده‌سوو کوڕه‌که‌یش گێرت ولوا په‌ی به‌روو ده‌گای لێ باخاره ڕه‌دێ بیێ و یاوه‌یی به دارستانیه، چا دارستانه پیاکه هێلانه قاڵاویه‌ش که‌رد به نیشان پێ کوڕه که‌یش و واتش: یه‌ڕێ سه‌عاتێ بنیشه‌ره چیروو ئی هه‌ژگێره و سه‌رنجوو ئا قاڵاویه به بزانه چێش مووه‌ڕۆ؟ چێش مه‌که‌ڕۆ؟ کۆمه‌ڵۆ؟ چکۆهێلیانێش وه‌ش که‌ردێنه؟

کوڕه‌ش نیاره ولواوه په‌ی ده‌گای تا بیا و به هه‌رمانه وئاژه‌ڵداریشه‌ره.

دماویه‌ڕێ سه‌عاتالواوه په‌ی لاو کوڕه که‌یش و واتش په‌نه: چێشۆ دی؟ کوڕه‌که‌یچ ئامه جاو واتش: ئی قاڵاوه سیاوه پیس وه‌ره‌نه، هه‌نه دماوڕفنه و چێووخه‌ڵکیره، مه‌لۆمه‌گێڵۆ لێ ئه‌ژغاڵاره و هێلیانه‌که‌یچش یاگه‌کێش فره به‌رزنییه‌ن.

پیاکه‌یچ زه‌رده‌خه‌نه‌ش دانه و سه‌ریه‌ش به نیشانه و ڕه‌زایه‌تیوه له‌قنا و واتش: ئی قاڵاوه سیاوه پسه‌نه خه‌ڵکیه گه‌ڕبازو و دزی. تووپچ ئه‌گه‌رگنی دماو ئا جۆره مه‌ردمیه مه‌وی به قاڵاوه سیاوه. ئیسه بۆ با چی هه‌رده نیمه‌ڕۆ که‌ڕمێ.

پیاکه و کوڕه‌که‌ش نانوو نیمه‌ڕۆیشا وارد و جا دماو ئانه یه چیروو سێوه‌روو شۆره بییه که

کۆڵبەرنامە

مێرمندالیمان لە بنەدەوەنەکانی هەژارییدا بە جێ ما!

■ **محەمەد دانش**

تێوەی ژەنیم کە هەڵسە ماشینێ هاتووە، نەرەیەکی ناخۆشی لێ دەرەهات و خرەیەکی زەقتر لە ناو هارەهارەکەیا ئەهات کە سالاتێکی دوای ئەوە زانیم ئەوە دەنگی پەروانەکەی بووە. چراکەی خستبووە نێو چاوانمان و وەک بلێیی داحبایەکی سەیرو سەمەرەی دیبێ، نە دائەبەزی و نە ئەیشرۆی! بەشەواره کەوتبووین؛ دوای مۆڵەقێ وێسان ئاخری زەلامێک زۆر بە هەستییاریەوە و بە ترس و گومانەوە دابەزی و نزیکمان بوویەوە! کاتێ دوو منالی داماوی بێدەسەڵات کە لە حەیبەت سەرمایا کزۆڵەیان کردووە و هێشتا بە باشی لە خەو هەڵنەساون، دیسان ئەونەی تر عەجاوات بوو بە لایەوە. چراکەی کوژاندەوە و کاتێ زەبوونیمانی باوەڕ کرد قیراندی بەسەر مانا: توخمە سەگانە چکارەن لێرا؟

پێیان ئەوت «سێراکەی جەژنیاوا»، بەو مەبەستەوە لە باشماخەوە هاتبوون کە گوایە لەویا ماشینمان دەس ئەکەوێ. کاتێ لە ناوشارەوە رێکەوتبووین هەموو زانیاری و ئەزموون و لێزانینمان لە کۆڵبەری، جووتێ قەیاسەبوو کە هەر ئەو رۆژە ناو گوزەرە کیا سەندبوومان و کابرا بە لاچاوێک تێیی گەیاندبووین کە ئەمە کاری ئێوە نییە! بەڵام ئێمە هەر ئینکار و سەرەڕۆ و لە سەرووی هەموویەوە بێدەرەتانی، تێمانگەیاندبووتر کە کاری ئێمەیە و ئەولاتریش. کلاس حەوت پیاوێ بوو ئیتر! عەیبە نەزانێ و نەتوانێ کۆڵبەرییەکی حیز بکات. کە قەیاسە کەمان راخستبوو کابرای خاوەن مەخزەنی باشماخی پێمان پێکەنیبوو کە گوایە ئەبوا لە لێژگاییە رامان خستایە، نەک ئەو تەختاییە، کە دواتر عەدڵە برنجە کەت بۆبەرز بکرێتەوە! کورد ئەڵێ یا زانا بە یام پرسا؛ ئێمە نە بزان بووین و پرمان ئەکێشا پرسین لە یەکێ! رەهەندە کە نەوی لە خۆمان و لە فەردە برنج، خستینیە ناو پەناملە سوورە کە، ئیتر بۆ دوای ئەوە هیچ ماشینێ بەقەی ئەوە گەرم و نەرم و خۆش نەبوو و نابێ! خەڵکی کوێن و کوڕی کێن و چکارەن و سەرتان لێ شێواوە ئالەم قسەیەلە کە بەم ٤ی بەیانییە چیە کەن لێرا؟ بۆ ئەبێ کەونە ئایسە و عەسڵەن بۆ تا ئەگرا بە کۆڵەوە هاتوون؟ قوربان لە ترسی پازگاکەی قەبری زاڵە هاتووینەتەوە ئێرە و ئیتر وتوومانە با نەمانگرن! کورە بنە گووانە خۆ شەوێ سەو کۆڵ یەتۆ لەم رێگەوە، خۆ باوڕەکەی بارە تێخ و جگەرەتان پێ نییە وا خۆتان کردووە بە خولە پیزێ! لەل ئەو عالەما لەم دیو پایەگاکەوە سوار ماشینەکان بوونایە و تەواو! هەر باش بووە سەگتان تێوە رانەهاتووە! یام گورگ نەیاخواردوون! بە حوکمی ئەوەی کە ئەو هەوارامی بوو و من لای مەرزی، بە حوکمی ئەوەی کە من چەندین کەسی نزیکم لەو مەرزەیا قاچ و دەستیان پەرییوو و کوژرابوون، بە پێی ئەوەی کە من زۆرێک لە خزم و کەسەکانم ولاغار و ئەوانە بوون و مەرزیان ئەکرد، ئیتر من بە حساب تەواوی ئەو مەنتەقە وەک لەپی دەسم بەڵەو بووم و ئەو فەقیرەش عەقڵی خۆی دابووە دەس من.

منیش وەک چەگوارا چیلکەیەکم هەڵگرتبوو و بەسەر لمی ئەو قەراخ چەما نەخشە رێگای دوورترین و سەختترین رێگای مومکینم وەک ئەمنترین رێگا کێشابوو! بەدەمارەوە بە هاورێکەمم وتبوو دوام کەوە، دوام کەوت و هەڵیجرنگاند کە جرنگاندی! بەیانییەکەی لە خوار چوارڕای بایەوە لە شوێنێک کە پێیان ئەوت برنج فرۆشییەکان، داماننا و تا نیوەڕۆ فرۆشتمان وخێرە کەیمان ناتەنگەی گیرفانمان و وەک پیاوی پیاوانە بە باخەڵی پڕەوە ڕوومان لە ماڵەوە کرد.

ئەمە سەرەتای رێگایەک بوو کە ئێمەی منال ئەزموونمان کرد و دواتر مێرمندالیمان لە بنەدەوەنەکانی هەژارییدا بە جێ هێشت. لە سەرەتاوە تەنیا لەشت مانوو ئەبوو، بەڵام دواتر رۆحت جەمام ئەکەوت؛ لە سەرەتاوە پووڵی گیرفانت خوتووکەی ئەدای، بەڵام دواتر قۆناخە تفەنگی چەکداریێکی سەر کاناڵەکە کەرامەتتی ئەقوپاند! خاوەن بارێ کە کەسابەتەکەی زەرەری کردبوو جوێنەکەی بە تۆ ئەیا! رەهەندەیەک کە مەئموورێ ماشینەکەی خەواندبوو، تووڕەییەکەی بەسەر تۆیا ئەڕشت. سەربازێکی سەر چەمەکە کە فەرماندەکەیان بێبەشی کردبوو لە موڕەخەسییەک کە بچێتەوە دەزگیرانەکەی ماچێ بکا، شەقەزلەیەک کە ئەبوا لەوی بدایە لە تۆی ئەیا! زلەیەک کە تا ساڵەها سوورییەکەی نەک لە ڕوومەتت بەڵکوو لە ڕۆحتدا ئەمایەوە.

هێسرە شێتەیەک کە نەیەوێسا کۆپانی کەن و بە کوتەک و گوریس لێیان ئەدا، پێناسەی بەزەییتی ئەم دیواودیو ئەکرد! کاتێ لە کاناڵەکە دائەبەزایت و لە سەرکەوتنا هەناسەت سوار و پشتت لاواز بوو، فەلسەفەی بوونی خۆتت لەم دنیایەدا ئەخستە ژێر پرسیارەوە! بە جۆرێک کە ٢١ ساڵ دوای ئەوە کاتێ لە هۆڵێکدا رێوڕەسمێک لەسەر توندوتیژیی کۆمەڵایەتی دائەنرێ و کابرایەکی کۆمەڵناس یام دەروونناس لەسەر ڕیشەکانی توندتیژی قسە ئەکا، بێ ئەملاولا ئەتباتەوە بۆ ئەو ئێوارەیەی کابرایەکی نیزامی شەقێکی وەهای تێهەڵدابووی خۆت و کۆڵەکەتی لە عەرز بڕیبوو! رەنگە ئەو کاتە بیرت کەوتبێتەوە کەی و چۆن رۆژێ لە رۆژان عزەت نەفست دراوەتە بەر شەق و بوێریت لە بازیدییەکەی ئەملای ساوەوە، سەعدی ناوێک سیخی لێ داوە و بە جوێنێک وەک شەقەکەی کابرا لە سەگەبەرەلای هیدایەتدا، مەهرەبانی پێ نواندوویت.

درۆیە چیرۆکی کۆڵبەری نانووسرێتەوە، ئەم وشانە هەمووی تازەن، وشەی بەر لەپتاپ و تلگرامن، وشەی سکتێری و بەر کوولێرن. ئەبێ بێدەسەڵات بیت و موحتاج، ئەبێ جوێنێ وەها بدا لە جەرگت دڵت پڕ بێت و سەر لە ناو ئەژنۆت تێر بگریەیت و هەوڵیش بدەی کەس پێت نەزانێ! ئەبێ عارەقی پشتت کۆڵەکەت بخووسێنێت و دواتر بسێنەر نارەزا بوو لە کرینی ژیانی ئەمرۆت، بڵێیی کاکە ناو بارا وای لێ هاتووە. ئەشێ حەز لە کەوشی شبرەو کەیت و خەوی پێوە ببینی، ئەبێ حەز لە پەنێری تەنە کە کەیت و تاااسەی کەی. نە قەد بە شەرواڵە کەوە دانیشتن لە پاڵ قۆرییە چایی، بەو هیوایەی کە بەیانی بخەوی تا نیوەڕۆ، بەسەرهاتەکانی ئەو مردنانە کە مردیت و لە بزنەرێیە کانی «باشماخ» و «بایەوە» و «بناوەسووتە»یا ناشتنت، نایەتەوە و نایەتەوە.

نەورۆز؛ ڤیستیڤاڵ یا کارەسات؟!...

■ **ئەمجەد حەیدەری**

مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە بەستنەوەی خۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو بوونی لە ئاستێکی بەربڵاوی جیهانیدا، جیادە کاتەوە لە هەموو بوونەوەر و گیانلەبەرانی دیکەی سەر گۆی زەوی. بەشدار بوون لە بۆنە و تایبەتەکان یاخود کۆڕگێڕی ماتەمینی و هاوسۆزی لەگەڵ یەکتر بەمەبەستی دەربڕینی پابەندبوونیان لە ئاست خۆشی و ناخۆشیەکاندا پێناسە و بەڵگەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی هاوچەرخ.

هەر ئەمەش دەبێتە مایەی رەزامەندی لایەنی بەرانبەر و لەبووارى دەروونیەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت و بەتایبەت لە کۆڕ و مەراسیمە خەمناکەکاندا تا ئاستێکی بەرچاو خەم و پەژارەی خاوەن کۆڕ دەرەوێتەوە.

بەڵام وەک لە نێو هەموو رەگەز و چین و توێژەکانی جیهاندا دەبینرێ، کۆمەڵێک بۆنە و ئاهەنگی تایبەت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیە دەبێتە ئەرک و موناسەبەیەکی گشتی و وەک کەرنەڤاڵێک بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی چاولێدە کرێ.

حکومەت و رێکخراوە مەدەنیەکان و بەتایبەت بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکان ئەرکی سەرەکی وەک ئامادەکاری بۆ بەرێوەبردنی ڤیستیڤاڵ دەگرنە ئەستۆ و پێشتر لەرێگای کەناڵە راگەیاندنەکان و بلاوکراوە فەرمیەکان هاوڵاتیان ئاگادار و بانگهێشتی بەشداربوونی کەرنەڤاڵ دەکەن.

وەک دەبینین ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ڤیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی وڵاتان بەرێوەدەچێ کە هەموو جەماوەری خەڵک و هونەرمەندانی گۆرانی بێژ بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری دەکەن و بە پۆشینی جل و بەرگی ئاڵ و والا و تەنانەت دەمامک و شێوەی جۆراوجۆری گاڵتەجار بە خۆشی و پێکەنین و گۆبەند و هەڵپەڕکێ، دور لە توندوتیژی کۆتایی بە ڤیستیڤاڵ دێنن.

بەرێوە بردنی ڤیستیڤاڵ دەبێتە وزە و گورۆتین بۆ هاوڵاتی و رەنگدانەی ئەرێنی دەبێ لەسەر ژیانی ئاسایی و بەرەوپێش بردنی کار و هەڵسووڕانی رۆژانە و ئومێدەوار بوون بە دوارۆژ و هەست بە بوونی خۆیان دەکەن.

بە واتایەک مەرجی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و سەقامگیر بوونی سەلامەتی رۆح و رەوان "تاک" دەگەرێتەوە بۆ رادەی هەستی بەختەوەر بوون و بەدیکردنی ئاسۆیەکی ڕوون و گەشاوە لای هاوڵاتیان.

بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجەش پێویستە حکومەت و سیستەمی دەسەڵاتی ناوەندی وەک ئەرکی سەرەکی خۆی مافی شادی و بەختەوەری بۆ هاوڵاتیان رەوا بینێ و بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی جیدی و کاریگەر هەڵگرێ.

دابینکردنی رێوشوێنی تایبەت و ئامادەکاری بۆ بەرێوەچوونی ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ بە شێوەیەکی گونجا و کارناسانە دەبێتە بەردی بناغەی دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شایستە کە مافەسەرەتاییەکانی هاوڵاتیانی تێدا رەچاو و دەستەبەر دەکرێ.

نوێ بوونەوەی وەرز و دەسپێکی ساڵی تازە لە هەموو جیهان وەک جەژنی کریسمەس و نەورۆز، دەبێتە رووداو و بیرەوەریەکی دەگمەن و جەماور بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری دەکەن و لەو رۆژەدا ئاهەنگی بەرفراوان دەگیرێت.

هاوڵاتیان پێشتر بۆ پێشوازی کردن لە ساڵی نوێ، بە خاوێنکردنەوە و رازانەوەی ماڵەکان و لەبەرکردنی جل و بەرگی ئاڵ و والا و پێشکەشکردنی هەدیە و دیاری بۆ منداڵان هەروەها رێکخستنی گرێبەستی هاوسەرێتی لەم رۆژەدا دەرۆنە پێشوازی ساڵی نۆی و کەژاوەی ژیانێکی نوێوە.

بەکارهێنانی جۆرە کەرەسە و پێداویستی وەک شیرینی، کێک و گوڵ و ئاگر کردنەوە و تەقەمەنی بێ مەترسی بۆ یاری ئاگر بۆتە نەریت و گورۆتینی زیاتر بە ئاهەنگەکە دەبەخشێ.

بەڵام وەک دەبینین "نەورۆز" کە هێمایە کە لە نوێ بوونەوەی وەرز و ژیانەوەی سروشت و ماڵاوایی کردن لە ساڵی کۆن، نەک هەر پشت گوێ خراوە بەڵکو بەتەواوی بۆتە جێگای مەترسی و دڵەراوکێی هاوڵاتیان.

بەداخەوە بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی ویست و داخوازی خەڵک و کپ کردنەوەی حەز و ئاواتەکانیان بەتایبەت گەنجان و لاوان بە هەڵگرسانی ئاگر و تێکدانی سروشت و ژینگە و بەکارهێنانی جۆرە تەقەمەنی گەلێکی پڕمەترسی ئەم رۆژە دەکەوێتە بەر هەرەشە و زۆرجار رووداوی دڵتەزێن و ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە.

